کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19-12-2006 6:43

# ئەوەی بەقسە دەیڵێن بەکردەوەش جێ بەجێی بکەن ... هەستیار غەمگین



سروشتی مرۆڤ وا هەڵکەوتووە کە ئەوەی بەقسەو زارەکی دەیڵێت نا چێتە دونیای واقیعەوە و دورە لە جیهانی پڕاکتیکەوە، چونکە زۆرێك لەو قسەو باس و گفت و گۆیانە تەنها بۆ چاوبەستی خەڵکی ڕشۆکیە نەك تێگیشتوو.

مەسئولێك لە کاتی لێدوانێکی ڕاگەیاندنیدا کاتی لەبارەی خزمەت گوزاریەوە پرسیاری لێدەکرێ کە ئایا جەنابت تاکو چەندە پابەندی بە پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری یەوە و پۆستەکەت بۆ چی بەکار دەهێنی؟ وەڵامی کاکی لێپرسراویش ئەوە کە دەڵێت:" ئێمە هەمیشە بچوکی هاوڵاتیانی وڵاتەکەی خۆمانین و تاکو لە توانامانداهەبێت و ئیمکانیەتمان هەبێت لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە خزمەتیان پێدەکەین" بەڵام ئەگەر بێینە سەربارە واقیعی و سەر زەمینیەکە ئەو قسانەی کاکی بەر پرس لە کوێی ئەم موعادەلەیەدا و تاکو چەندە نزیکە لە فاکتەوە ڕاستیەوە !!

یان زۆرێك لەکچانی بەناو ڕۆشنبیرو هەڵگری شوناسی مرۆیی خاوەنی بڕوانامەی بەرزن لە هەمان ڕاگەیاندنەوە کە پێشتر کاکی مەسئول لێدوانە وەهمیەکەی تێدا دەرکردوە، لە وەڵامی کاکی ڕۆژنامەنووسدا کە ئاخۆ ئاستی سادەیی و خاکی بوونی ئەو کەسایەتیە ئەگەر شووی نەکردبێ لە کوێدایە لێی دەپرسێت:" بەڕێزت ئەو کەسەی چاوەڕێی دەکەی کێ یەو لە چی ئاستێکی کۆمەڵایەتیدایە" وەڵامی کچەی خاوەن هەڵوێست ئەوەیە کە دەڵێت:" من زۆر سادەم، ئەو کەسەی کە دەبێتە هاوبەشی ژیانم گرنگ نیە بۆم لە چی پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتیدایە بەمەرجێك لەگەڵ بیرکردنەوەو خولیاکانمدا یەك بگرێتەوە، ئیدی نە زێڕ بەلامەوە گرنگە نە بڕوانامەو پارەو مەنسەب"

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێ کە ئەمیش تەنها بۆ وتن ئەو لێدوانە ئەدات، نەك بۆ واقیعی ژیانی خۆی، هەتا زۆرێکیشیان دەڵێن عەرەبانەچیەکیش بێت پێی ڕازی دەبین بەمەرجێ خۆمان بەدڵمان بێت، بێگومان ئەم قسەو قسە لۆکانە زۆر دورن لە ڕاستیەوە و تەنها بۆ ئەوەیە کە ئەو کچە یان ژنە لە هەر بڕیارێکی تری لەو جۆرە دابێت بۆ ئەوەیە کە ڕای گشتی بڵێن بە خوا فلانە مەسئوول پیاوێکی سادەو خزمەت گوزارەو هەمیشە هەوڵی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگاکەی ئەدات، یان بڵێن بە ڕاستی کچێکی سادە گۆو خاکییە چۆن لەمەڕ چارە نووسی خۆی بڕیار دەدات بەو شێوەیە ئەوەیە ڕۆشنبیر کە من زۆر جار گوێم لە خەڵکی ئاسایی بووە لە و کاتانەدا.

لەکۆمەڵگای ئێمە هەندی شت هەیە زۆر ئاسایی لێیان دەڕوانرێت و تەماشا دەکرێن، کە ڕەنگە لە ڕاستیدا زۆر زیان بە کۆمەڵگا بگەیەنێت، بەڵام تێڕوانینە کۆمەڵایەتیەکە وای کردوە بە بازێکی سەریعی بەسەردا بدرێ و بچوك بکرێتەوە، ئەگەر ئەو جۆرە هەڵوسوکەتەی ئێستا ئاماژەم بۆ کرد لە دیرۆکی کوردیدا وجودی نەبووبێت لە خۆڕایی کورد گوتەنی نەوتراوە" قسە هەزارەو یەکی بەکارە" بەڕاستی لە جێگای خۆیدایەتی چونکە زۆرجار بەهۆی ئەوەی کە بەهەڵە لە گوتەو لێدوانی ئەو کەسانە تێگەیشتوین و فریومان خواردوە کەو توینتە هەڵەیەکی زۆر گەورەوە، بیرمان نەچێت هەڵبژاردنەکانیش یەکێك لەو دیاردانە وای لێکرد بگاتە ئەو ئاستەی ئێستاو ئەوەش بەڵێنەکانی کە هەمووما ن بینیمان، ئەگەرنا، نە مەسئول لە ئاست ئەو قسانەدایە کە دەیکات، نەکچە بەو جۆرەیە کە خۆی دەڵێ و لەبارەی چارەنوسیەوە بڕیارێکی هەڵە دەدات...

Hastiar2006@yahoo. com